# پ.ك.ك دەسكەوتەكانی باشوری كوردستان دەپارێزێ

دكتور فايق محەمەد گوڵپی

2005-11-9

زۆر جاران وە بە تايبەتی لە كاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا ،لايەنە دەسەڵاتخوازە دەسەڵاتدارەكانی باشوری كوردستان هێرش بۆ سەر پارتی چارەسەری ديموكراتی كوردستان ئەهێنن و بەوە تاوانباری ئەكەن كە دروستكراوی( پ.ك.ك ) يە ، وە دەڵێن كە هەڵوێستی پ.ك.ك بۆ ئەزمونی باشوری كوردستان تەنها دژايەتی كردنی ئەو دەسكەوتانەيە كە خەباتی گەلی كورد بە خوێنی شەهيدان بە دەستی هێناوە ، بەم سشێوەيەش بە بەردێك دوو نيشانە دەپێكن ، دڵی دەوڵەتی داگيركەری توركيا خۆش دەكەن و دژايەتی پارتی چارەسەری ديموكراتی كوردستانيش دەكەن .

ئێمە بەم تاوانباركردنە ڕازی نەبووين و نابين ، وتوومانە كە پ.چ.د.ك. پارتێكی سەربەخۆيە ، بەرنامە و بەڕێوەبەرايەتی و سياسەتی تايبەتی خۆی هەيە ، پێوەندی لە گەڵ برادەرانی پ.ك.ك.هەيە ، ئەو پێوەندييانە لە سەر بنەمای يەكێتی نەتەوەيی و بەرژەوەندی هاوبەش و ئازادی بيروڕا داڕێژراوە ، وە هەموو كاتێك ئامادەيی خۆمانمان وەك پ.چ.د.ك نيشانداوە تا هەمان جۆر لە پێوەندی لە سەر بنەمای يەكێتی نەتەوەيی و ئازادی بيروڕا ، لەگەڵ هەريەك لە پ.د.ك و ى.ن.ك و حزبەكانی تری باشوری كوردستان ببەستين .

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەيەنێت كە ئێمە پێماننناخۆشە وەك پ.ك.ك باسمان بكەن ، بە پێچەوانەوە ئەو پارتە كە ماوەيەكە ناوی خۆی بۆ( كونگرەی گەل )گۆڕيوە ، چەندين لايەنی بەهێزی خۆی هەيە كە زۆر لە حزب و ڕێكخراوە سياسيەكانی كوردستان و ناوچەكە بە ئاواتەوەن پێی بگەن . كەچی داخەكەم حزبە دەسەڵاتدارەكانی باشوری كوردستان لە باتی ئەوەی سوود لە ئەزمونی ئەو حزبە كوردستانيە وەربگرن ،وە بە تايبەتی لەم قوناغە قەيرانيەدا كە تێيدا دەژين ، سوود لە سەرچاوە فكريەكانی وەربگرن ، بۆ خوێندنەوەی دياردە سياسی و كومەڵايەتيە ئاڵۆزەكانيان بە كاری بێنن ، دێن ديادەی پ.ك.ك و شۆڕشگێڕانی باكوڕ لە بەرچاوی خەڵكی سادەی باشوری كوردستان ڕەش دەكەن و جارێكی تر دڵی داگيركەرانی كوردستان خۆشدەكەن و ئاستەنگی بۆ خەباتی پ.چ.د.ك درووست دەكەن .

بەلای ئێمەشەوە گرنگە، وەك ئەركێكی نەتەوەيی ، وەك بەكارهێنانی مافی پاراستنی ڕەوا بۆ خۆمان جارجار لە سەر ڕەوشی ئەو حزبە كوردستانيە ، بۆ خوێنەرانی ئازيزی باشوری كوردستان ڕونكردنەوە بدەين ، تا لە بەرامبەر ڕاستيەكان بەرچاوی خوێنەر ڕونبكەينەوە و ڕێگە نەدەين گەلەكەمان لە بەرامبەر ڕاستينەی مێژوی خۆی لە پارچەيەكی كوردستاندا هەڵوێستی ناڕەوا نيشان بدا .

يەك لەو ڕاستيە حاشاهەڵنەگرانە ئەوەيە كە ماوەيەكی زۆرە ، بە تايبەت لە دوای ساڵی 2000 وە هێزەكانی پ.ك.ك وەك پارێزەری دەسكەوتەكانی باشوری كوردستان جموجۆڵ دەكەن ، هەموو كەس ئەوەی لە بيرە كە ئەو گرووپە توندڕەوەی شەهيد فرانسۆ هەريريان لە شاری هەولێر تيرۆر كرد ، يەكەم جار پەنايان بۆ بناری قەنديل برد ، بەڵام برادەرانی پ.ك.ك دەرفەتی مانەوەيان پێ نەدان و قبوڵيان نەكرد لە قەنديل بمێننەوە .

لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق تا ئەمڕۆ ، كاری تيرۆرستی لە ناوچە جياجياكانی عراق بەردەوامە ، بەڵگە هەيە كە لە هەموو ناوچە سنووريەكانی عێراقەوە تيرۆرستان بەرەو قووڵايی وڵات دزەيان كردووە ، بەڵام تا ئێستە هيچ كەس و لايەنێك لە سەر دزەكردنی تيرۆرستان لە ناوچە سنووريەكانی ژێردەسەڵاتی پ.ك.ك بۆ ناو خاكی عێراق بەڵگەی بە دەستەوە نەداوە . ئەمەش چەند واتايەكی هەيە ، يەك لەوانە ئەوە دەردەخات كە پ.ك.ك هێزێكی وريا و بە توانايە ، وە هێزێكە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی كورد لە باشوری كوردستان وەك چاوان دەپارێزێت ، ئەگەر هێزێكی نەتەوەيی نەبوايە ، هێزێكی حزبی بوايە هەڵكەوتنە سەربازيەكەی دەرفەتی بۆ ڕەخساندبوو شوێنەكەی بۆ بەرژەوەندی حزبايەتی و بازرگانی بەكاربهێنێ .

لە لايەكی ترەوە ئەو شوێنەی ئەمڕۆ هێزەكانی پ.ك.ك جێگەيان تێدا گرتووە ، ناوچەيەكی سەخت و فراوانە ، ئەگەر ئەوان چۆڵی بكەن ، بەم هێزەی ئەمڕۆی حكومەتی هەرێم ئاسايشی دابين ناكرێت ، ئەو ناوچەيە دەبێتە پێگەی حەوانەوە و هێرشكردنی گروپە تيرۆرستيەكان بۆ سەر شارەكانی باشور و باری ئاسايشی كوردستان و عێراق بە تەواوەتی تێكدەچێت . بۆيە گرنگە هەموو دڵسۆزێكی گەلی كورد ئەم ڕاستيە تێبگات و لە ژێر تەمومژی پرۆپاگەندەی چەواشەكارانەی حزبە دەسەڵاتدارەكانی باشور دەربارەی پ.ك.ك دەرچێت و وەك هێزێكی نەتەوەيی ديموكراتی سەيری بكات .